# هەڕەشەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان
# پێگەی هەرێم قایمتر دەکات

**بەکر سدیق**

بەهۆی هەڵچونی سەربازیو سیاسی تورکیا لەبەرامبەر ناوچە سەقامگیرە ئارامەکەی هەرێمی کوردستان، لەبازارەکانی جیهاندا نرخی بەرمیلێك نەوتی خاو گەیشتە (٩٠) دۆلار. بانکی مون، سکرتێری گشتی UN نیگەران بوو لەبڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا کە دەستی حکومەتی ئەردوگانی کردەوە لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی دەرهەق بە هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی روسیا دژی ئەو بڕیارە وەستایەوە، سەرۆکی ئەمریکاو وەزیری بەرگریەکەیو جەنەڕاڵ پاتریۆس بە توندی هاتنە سەرخەتو دژایەتی خۆیان بۆ هەر دەست درێژییەکی سەربازی تورکیا بۆ سەر هەرێم خستە روو. پەرلەمانو یەکێتی ئەوروپاو پەیمانی ناتۆ دژایەتی خۆیان لەمەڕ ئەو سیاسەتەی تورکیا راگەیاند.

ئەم رەنگدانەوەو کاردانەوانەی لەناوەندە ئابووریو سیاسیو سەربازیەکانی UN وڵاتانی دنیا دەرهەق بە گرژی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان لەخۆڕانیە بەڵکو قوڵاییو دوراییەکی ئابووریو سیاسیو ئەمنی هەیە کە دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵێك ستراتیژو بەرژەوەندییە نیودەوڵەتیە جیاوازەکانەوە. چونکە لەبایەخی ستراتیژی زلهێزەکانو ناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا ناوچەی ئارامو سەقامگیر لەهەرکویەکی دنیا بێت چ جای ناوچەیەکی گەرم وەك عیراق لەناوجەگەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بایەخێکی دورمەودای ئابووری، سیاسی ئەمنی پێك دێنێ بە تایبەت کە مەسەلەی شەڕی تیرۆر سنورەکانی کاڵ کردۆتەوە چونکە تیرۆر لەجیهاندا سنورەکان دەبڕێو نایانپارێزێ. هەر بۆیە ناوچە ئەمنیەکانیش لەسنورەکانی خۆیاندا قەتیس نامێننو دەبەسترێنەوە بە ستراتیژو بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە. لەوسۆنگەیەوە، هەرێمی کوردستان وەك هەڵکەوتەیەکی جوگرافی ئارامو سەقامگیر لەبەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا پانتایەکی گەورەی گرتوەو بەخاڵێکی گرنگ دادەنرێ لەپەڕینەوەی دۆخی عیراقو ناوچەکەدا. بەمانایەکی تر هەموو ئەوانەی بەرژەوەندیان لەعیراقی ئارامو سەقامگیردایە هیوایان لەسەر ئارامی هەرێمی کوردی هەڵچنیوە. بۆیە ناتوانن تورە نەبن بە هەر هەڕەشەیەك کە لەو هەرێمە بکرێ.

بەڵگەی زیندوش ئەوەیە کە هەڕەشەی سەربازی تورکیا لەهەرێم، نرخی نەوتی خاوی بەرزکردەوە. کەوابێ هەرێم گەیوەتە ئەو ئاستەی کارلەبازاڕەکانی نێودەوڵەتان بکات، ئەوەش ئەو گوشارە پێچەوانەیە کە هەڕەشەکانی سەر ناوچە ئارامەکان لەسەر بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان دروستی دەکەن.

ناڕەزایی ناتۆ لەتورکیا ئاماژەیەکی ترە کە هەڕەشەی سەربازی تورکیا ناتونێ وەك رابوردو پشت بەو پێگەیە ببەستێ کە لەناو ناتۆدا هەیەتی بەو مانایەی بەرژەوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ سیاسەتی ناتۆ کەوتۆتە ناو خانەیەکی دژەوە.

تورکیا دەیەوێ بەبیانوی PKK چارەنوسی هەرێمی کوردستان وەك مەسەلەی کورد لەکوردستانی باکوردا لەقاڵبی کلاسێکی جاراندا بخنکێنێ ئەمەش تورکیا دەخاتە خانەی دژایەتی کردنی ئەو ستراتیژانەی بە هێمنی کاربۆ راگیرکردنی ئەو ئارامیە دەکەن کە قەوارەی هەرێمی کوردستان پەیدای کردوە. بەدیوێکی دیکەدا تورکیا دەیەوێ هەلومەرجی ئارامی هەرێم بشێوێنێ لەولاشەوە ستراتیژو بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان بە تێکچونی ئارامی هەرێم بەهەڕەشە بۆ سەر خۆیان لێك دەدەنەوە.

لەبەر ئەوەی لەرابوردوودا مەسەلەی کورد لەکوردستانی عیراقدا لەسێبەری دەسەڵاتی بەعسدا بایەخی ئابووریو سیاسی نەبوو بۆ ستراتیژی ئەمریکاو زلهێزەکانی تری ئەوروپا، تورکیا بەئاسانی دەیتوانی هەموو رسکانێکی قەوارەی کوردی بپوکێنێتەوە بەڵام لەئێستادا ئەو سیاسەتەی تورکیا بێ ئاکام دەمێنێتەوە چونکە سوپاو دەسەڵاتی تورکیا دەخاتە خانەی دژایەتی کردنی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیەکانو تورکیا دەخاتە خانەی هەڕەشەکانەوە لەدژایەتی کردنی ناوچە ئارامو سەقامگیرەکاندا. ئەوە جگە لەوەی تورکیا لەپشگیریە تەقلیدیەکانی ئەوروپاو تورکیا دادەماڵێ، بەوەش تورکیا بە دەستەوستانی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لەم هەڕەشەی کە تورکیا دەرهەق بە هەرێمی کوردستان بە بیانوی PKK دروستی کردوە، پتر بایەخی هەرێمی کوردستان لەناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا پێهەڵا دەباتو سەنگێکی بەهێزترو قایم تری پێ دەبەخشێ.

لەو سۆنگەیەوە هەڕەشەکانی تورکیا لەجیاتی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان پاشەکشە بە لوت بەرزی خۆی دەکاتو پێگەی کوردی بەهێزتر دەکات.

بەمەش هەم لەسەر ئاستی عیراق کورد قایم تر دەبیَو هەم تورکیا لەقاڵبی چارەنوسو فەزایەکی نویَ دەدات بەجۆرێك کە قەیرانە سیاسیو سەربازیو ئابوریەکانیشی قوڵتر دەکاتەوە.